# جەنگ و چارەنووسی گەل. . . . بەشی (٢)

## هەڵوێستی ئیسلامییەکان

سالار سۆفی
salarsofy@hotmail.com

کاتێك کە دەمانەوێت کاریگەریی هەڵوێستی لایەنگران و دژانی جەنگی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دژ بە عێراق لە سەر چارەنوسی گەلی عێراق لێك بدەینەوە، دەیان پرسیار سەر هەڵدەدەن و پێویستە وەڵامی ڕۆشنیان پێ بدرێتەوە. لێرەوە هەوڵ دەدەم بە کورتی تیشك بخەمە سەر بزووتنەوە جەماوەرییە بەشدارەکانی ئەم کێشەیە و هەڵوێستەکانیان لە پەیوەند بە چارەنووسی گەلەوە.

### بەرەی دژ بە شەڕ:

وەك لە پێشتردا وتمان ئەم بەرەیە لە کۆمەڵێك گرووپ و بزووتنەوەی ئێجگار جیاواز پێك هاتوون و تەنانەت لە زۆر هەڵوێستیشدا دژ بە یەکن، بۆیە پێویستە هەڵوێستی هەر یەکێکیان بە جیا لەوانی تر لێك بدرێتەوە. لە نێو ئەم بەرەیەدا ( ئیسلامییەکان، ناسیۆنالیستە عەرەبەکان، مرۆڤدۆست و ئاشتیخوازەکان، چەپ و کۆمۆنیستەکان، بەعسییەکان و ئاینپەروەرانی تر و. . . . . . . تاد) بەدی دەکرێن.

### هەڵوێستی ئیسلامییەکان

ئیسلامییەکان بەشێکی دانەبڕاون لە و بزووتنەوە جەماوەرییە جیهانییەی کە دژایەتی جەنگی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە دژی عێراق دەکات. ئیسلامییەکان بەشدارییەکی چالاك و بەردەوام لە خۆپیشاندانەکانی وڵاتانی ئیسلامی و وڵاتانی تری جیهاندا دەکەن و دروشمەکانیان دژ بە جەنگ بەرز دەکەنەوە.
ئەم بزووتنەوەیە لە گەلێك وڵاتی ئیسلامیدا یان ئەو وڵاتانەی کە زۆرینەی دانیشتوانیان موسوڵمانن ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەریان هەیە و بە دەیان هەزار کەسیان لێ دەڕژێتە سەر شەقامەکان. خۆپیشاندانەکانی ئێران و ئەندەنوسیا و پاکستان و بەنگلادش، چەند نموونەیەکن لەم نارەزایەتییانە.
هەڵوێستی زۆربەی گرووپە ئیسلامییەکان لە دژایەتیکردنی شەڕ، لەم خاڵانەوە سەرچاوەی گرتووە:

- دژایەتیکردنی وڵاتێکی دژەئیسلامی وەك ئەمریکا، کە دۆستی یەکەمی ئیسرائیلە و ئیسرائیلیش داگیرکەری فەلەستین و قودسی موسوڵمانانە.
- بەرگریکردن لە وڵاتی عێراق چونکە وڵاتێکی موسوڵمانە و بە داگیرکردنی، شوێنە پیرۆزەکانی دەکەوێتە ژێر پێی کافرانەوە.
- بەرگریکردن لە گەلی عێراق، چونکە گەلێکی موسوڵمانە.
- بەرگریکردن لە حکومەتی عێراق چونکە بە بەردەوامی بەرگری لە فەلەستین و قودسی موسوڵمانان و گشت موسوڵمانانی جیهان کردووە و دژایەتی ئەمریکا و زایۆنیزمی کردووە.
- . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

پێش ئەوەی ئەم ڕوانگانە لیك بدەینەوە و بزانین کە چەندە پەیوەندییان بە چارەنووسی گەلی کوردستان و عێراقەوە هەیە و چەندە بە خەمی ئەم گەلەوەن بۆ ڕزگارکردنی لە ژێردەستەیی و چەوسانەوەی هەمەجۆر، با جارێ بزانین ئەم ڕووانگانە چەندە پەیوەندییان مرۆڤدۆستی و ئاشتیخوازییەوە هەیە.

ئەگەر سەرنجێکی ئەم تێڕوانینانە بدەین زۆر بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کە باشترین خاڵیان (بەرگریکردنە لە گەلی موسوڵمانی عێراق) ، بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەم زیاتر تیشك بخەمە سەر ئەم خاڵە. کەواتە سەرچاوەیەکی سەرەکی دژایەتیکردنی ئەم شەڕە، ئەوەیە کە **وڵاتێکی دژەموسوڵمان** شەڕ لە دژی **گەلێکی موسوڵمان** هەڵدەگیرسێنێت و دەکوژێت و دەبڕێت و کاول دەکات. بە مانای ئەگەر هەمان شەڕ لە وڵاتێکی تردا بووایە و گەلێکی ناموسوڵمانی تێدا کوشتوبڕ بکرایە، ڕەنگە بەم شێوەیە دژایەتییان نەکردایە و ئەم هەڵوێستەیان نەبووایە. بەو مانایەی بەهای مرۆڤەکان، بەپێی بیر و بۆچوونەکانیان و بەتایبەت بەپێی نزیکیان لە ئاینی ئیسلام پۆلبەندی دەکرێت. بۆیە بە داخەوە لەم خاڵەشدا هەڵوێستێکی مرۆڤدۆستانەی ئەم گروپانە هەست پێناکەین، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەم بۆچوونە جۆرێك لە ئاگرخۆشکردنە بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی کۆنەپەرستانەی نێوان ئاینە جۆربەجۆرەکان و فراوانکردنی مەیدانی ئەم شەڕە و ئامادەکردنی دۆزەخێکی مەزنتر. مێژووی مرۆڤایەتیش پڕن لە شەڕ و کارەساتێك کە لەم ڕوانگەیەوە سەرچاوەیان گرتووە و گیانی ملیۆنەها لە خەڵکی بێتاوان کراوە بە سوتەمەنی ئەم دۆزەخە.

ئینجا با بێینە سەر خودی ئەو بەرگریکردنە لە گەلی عێراق. دیارە ئەم گەلە بە درێژایی ٣٥ ساڵە لەسەر دەستی ڕژێمی بەعسی فاشی تووشی کوشتوبڕ و زیندان و تاڵان بوونە و تا نووسینی ئەم دێڕانەش سێبەری مەرگی ئەم ڕژێمە بەسەر گەلی عێراق و کوردستانەوە کۆتایی پێ نەهاتووە. لەم کاتەدا نایەمە سەر ئەوەی کە هەڵوێستی ئەم گروپانە لە بەرامبەر ڕەفتارە درندانەکانی ڕژێمی عێراق لەم دەیان ساڵەدا چی بووە ( کە لای هەمووان ئاشکرایە) ، بەڵکو دەمەوێت باس لە هەڵوێستی هەر ئێستایان بکەم لە کاتی جەنگدا. گەلی ( کودستان و عێراق) لە لایەك و ڕژێمی بەعس لە لایەکی ترەوە، دوو جەمسەری دژ بەیەکن، هەرگیز ناکرێت لە هەمان کاتدا بەرگری لەم دوو جەمسەرە دژ بە یەکە بکرێت، هەر جۆرە بەرگرییەك لەم ڕژێمە خوێناوییە دژایەتییەکی ڕاستەوخۆی گەلە.

ئەگەر بەشداری ئەم گرووپانە تەنها لە خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکاندا بووایە، بە مەبەستی پاراستنی ئاشتی گەلی موسوڵمان لە عێراقدا، ئەگەرچی لە ڕوانگەیەکی تەسکی ئاینییشەوە بووایە، ئەوا دەکرا ئەم بابەتەش ئاراستەیەکی تر بگرێتە خۆی. بەڵام زۆر لەم گروپانە هەنگاوی زۆر گرنگتریان ناوە و تەنانەت فتواش بۆ بەشداری لەم شەڕە و بەرگری لەم ڕژێمە فاشییە دەردەکەن. بەم پێیە ئەم گرووپانە بوونە بە لایەنێکی ئەم شەڕە و ئەمەش ڕاستەوخۆ دەیانخاتە سەنگەری بەرگریکردن لە ڕژێمێك کە پیشەی سەرەکی مژینی خوێنی گەل بووە. بە پێی هەواڵەکانیش ئەم هەڵوێستانە لە فتوا تێپەڕیان کردووە بوونە بە کردەوە و سەدان کەس بۆ ئەو مەبەستە گەیەندراون بە ناوچەکە و تەنانەت قوربانیشیان داوە.

کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی ئەم گرووپانە نەك هەر دژایەتی شەڕ ناکەن و ئاشتیخوازی ڕاستەقینە نین، بەڵکو لایەنێکی ئەم شەڕەن و مەبەستیانە ئاگری ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەتر و فراوانتر بێت و بەو پێیەش کوشتار و کاولکارییەکی زیاتر بەدووای خۆیدا بهێنێت. ئەم نارەزایەتییەشیان بەرامبەر بە شەڕ، بە هیچ شێوەیەك بە مەبەستی بەرگریکردن لە گەلی عێراق نییە، بەڵکو بەرگریکردنێکی ڕاستەوخۆیە لە ڕژێم، ڕژێمێك کە ئەوان بە هێزێکی کاریگەری دادەنێن لە دژایەتیکردنی ئەمریکا و ئیسرائیلی دژ بە ئیسلام. ئەم بەرگریکردنەش لە ڕژێم، دژی هەوڵ و تێکۆشانی گەلی کوردستان و عێراقە، بۆ ڕزگاربوون لەم ڕژێمە و سەرۆکە دیکتاتۆرەکەی.

کەواتە بەپێی ئەم هەڵوێستانە چارەنووسی گەلی عێراق تۆزقاڵێك گەشتر نابێت و ڕێگاچارەیەك بۆ گەیشتن بە مافەکانیان بوونی نابێت.

دیارە باسی ئەوەمان کرد کە ئەم بزووتنەوەیە لە خۆپیشاندانەکاندا بە هیچ شێوەیەك لە دژی دەسەڵاتی بەعسییەکان نەبوون و نین، بەڵام با ئەو پرسیارەش بکەین کە ئەگەر ئەو بزووتنەوەیە لە دژی ڕژێمیش بن و تەنانەت خودی خۆیان ببنە

دەسەڵاتداری عێراقی داهاتوو، چارەنووسی گەلی عێراق بە چی دەگات؟ ئەی چارەنووسی گەلی کورد، بە پێی بۆچوونی زۆربەی ئەم گرووپانە چی دەبێت و چۆن بە مافەکانیان شاد دەبن؟

بێگومان ئەفغانستانی پێشوو لە سایەی ئیسلامییەکاندا پێویستی بە هیچ روونکردنەوەیەك نییە. مافی مرۆڤ، ئازادی بیروڕا، ئازادی ژنان، مافی منداڵان و تەنانەت ئازادییە کەسایەتییەکانی خودی مرۆڤ لە شێوەی پۆشاك و سیمای خۆیدا، کۆمەڵێك وشەن کە لە فەرهەنگی ئەو جۆرە کۆمەڵگایەدا بوونیان نەبوو و نییە.

سەبارەت بە مافەکانی گەلی کوردیش، زۆر ئاشکرایە کە گەلی عێراق ( بە کوردیشەوە) وەك گەلێکی موسوڵمانی یەکگرتوو ناوزەد دەکرێت و هەر ویستێکی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی و بە تایبەتیش مافی چارەی خۆ نووسین و ئەگەری دامەزراندنی وڵاتی خۆی و دەسەڵاتی سەربەخۆی خۆی لە کوردستاندا، بە شەقکردنی یەکگرتوویی گەلی موسوڵمانی عێراق دادەنرێت و بە هەموو شێوەیەك دژایەتی دەکرێت. لە ناو گەلێکی موسوڵمانیشدا باسکردن لە مافە نەتەوایەتییەکان زیان گەیاندنە بە بیروڕای ئیسلام و جیاوازیکردنە لە نێوان گەلێکدا کە بەپێی ئیسلام لە ئەرك و مافەکانیاندا یەکسانن. لە هەمان کاتیشدا زمانی وڵات زمانی نەتەوەی سەردەستە و دەسەڵات هی ئەوە و سەرۆکیش هەر لەوە. خەڵکانی ناڕازیش ئەگەر لەناو نەبرێن، ئەوا لە باشترین باردا، دەرگای زیندانەکانیان بۆ ئاوەڵایە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . ماویەتی

٧. ٤. ٢٠٠٣

بەشی سێیەم: ( هەڵوێستی ناسیۆنالیستە عەرەبەکان)

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣